داهاتی مانگی رابردووی نەوتی عێراق نە ملیار دۆلاری تێپەڕاند

ئەمە (چوارشەممە 1ـی تشرینی دووەمی 2023)، وەزارەتی نەوتی عێراق لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاندووە، بە پێی ئاماری سەرەتایی کەمپانیای سەمە بە فرۆشتنی نەوت، (109) ملیۆن و (545) هەزار و (589) بەرمیل نەوت مانگی رابردوو(تشرینی یەکەم) هەناردەی دەرەوەی کراوە و داهاتەکەی (669.9) ملیار دۆلار بووە.

بەیاننامەکە ئاماژەی بۆشکردووە، (108) ملیۆن و (50) هەزار و (360) بەرمیل لە بەرهەمی کێڵگەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق هەناردەکراوە و هەروەها بڕی (464) هەزار و (728) بەرمیل بە ئوردن هەناردەکراوە، وەڵای هەناردەی (1) ملیۆن و (30) هەزار و(501) بەرمیلیش لە گەیارەوە.

ئەوەش خراوەتەڕوو، تەکەای هەناردەی مانگی رابردووی نەوت گەیشتووتەوە (3) ملیۆن و (533) هەزار بەرمیل، هەر بەرمیلێک نەوتیش بە (88.26) دۆلار فرۆشراوە.

لە کۆتایی بەیاننامەکەدا هاتووە، وەزارەتی نەوتی عێراق باوەڕی بۆو هەیە گەلی عێراق زانیاری

هەبەت لەسەر پرسی هەناردەکردنی نەوت و داهاتەکانی، بەیە ئەو زانیارییانە مانگانە بڵاودەکەنەوە.